شانۆی راگەیاندنی ئەمنی ڕێتیدەکاتەوە هێزی بیانیی نوێ هاتبێتە ناو خاکی عێراقەوە

شانۆی راگەیاندنی ئەمنیی عێراق، ڕێتیدەکاتەوە هێزی بیانیی نوێ هاتبێتە ناو خاکی عێراقەوە.

ئەمە پێنجشەممە ٣ـی نیسانی ٢٠٢٥، تەحسین خەفاجی، سەرۆکی شانۆی راگەیاندنی ئەمنیی عێراق رایگەیاند، عێراق پێویستی بە هیچ هێزێکی بیانی نییە و ئەستاش ئەرکی هێزەکانی هاوپێیمانان راوێژکردن و ڕاهێنان و ئاوگۆی زانیاریە.

ئاماژەی بەوەشکرد، لیژنەی هاوبەشی نێوان عێراق و هاوپێیمانان دەست بە کارەکانی دەکات و یەکێك لە کارەکان دانانی خشتەیەکە بە کشانەوەی هاوپێیمانان لە عێراق و پەداچوونەوە بە پێوەندییەکان بەگشتی.

ئەوەش لەکاتێکدایە، چەند سەرچاوەیەك باسیان لەوەکردبوو، ئەمریکا هێزی زیاتری سەربازیی لە بنکەی سەربازیی عەین ئەسەد لە عێراق جێگرکردووە.